

# کاتێك پڕ دەبم لە وەرین،
# تەنها ماچت شینم دەکاتەوە.

سۆران ئازاد
Soran_darbandy@yahoo.com

لەکوێیت!
بۆ لەم نیوەشەوە نائومێدییە جێهێشتم.
**لەم نیوەشەوەدا....**
**لەم شەقامە چۆڵەی غەرییبەدا...**
**من هۆن هۆن دەگریم و**
**باران بەلێزمە لێزمە دەباری**
**بەدەم هەزار جار لە خۆ کەوتنم**
**دەهاژێم و باران تەڕ تەڕم دەکات،**
**بارانم پڕم دەکات لە غەریبی ئەم ئاسمانە.**
**پڕم دەکات لە هەناسەکانی ئەوی،**
**پێم دەڵێت:**
**( هاورێم، تۆ دەمێکە لێرە غەرییبیت**
**هەڵێ، دوور دوور...**
**ئەگینا بەدەم "با"وە دەڕۆیت و**
**دەبیتە سەرابترین سەراب.**
**درێغی مەکە**
**باکت نەبێت بە نیشتیمان**
**نیشتیمان شوێنێکە**
**تێیدا ئازاد ئازاد بفریت**
**تێیدا هەمووومان بەیەکسانی گوێ**
**لە ئاوازە جاویدانەکەی خوا بگرین،**
**نیشتیمان ئاسمانێکە ئەستێرە بە ئازادی**
**ئەستێرە بەخۆشەویستی و**

بەشەوانەی ماچەوە لە ئاسمان بدرەوشێتەوە.
تۆ ئاسمانی ئەم نیشتیمانە نابینی چۆن غەریبی لێدەبارێ.
هەڵێ دوور دوور).

بۆ نایەیت بزانی چەندە غەریبم بێ تۆ،
بێ تۆ چەندە دابراو لە خۆم و
چیم ماوە ونی نەکەم بێ تۆ.

من بەدەم پارچە شکاوە بابردووەکانی خۆم دەگریم
نازانم لە کوێیت،
هێندە دەزانم بێ تۆ
شەو نیە پاییز نەبارێتە بەسەر باغە نە پشکوتوەکانی ئومێدم،
بەسەر شەقامە ونەکانی ماچ
لەبەردەم شەوێکی پر لە تریفەی مانگ.
بەسەر رۆحێکی دابراو لە هەموو شتێك
بەسەر کەسێك
شەو نیە هەزاران جار لەخۆی نەکەوێت.

دواجار ئەزانم لەکوێیت،
تۆ لە کیشوەرە گەرمینەکانی
تێکەڵ بە تیشکی خۆر و
سەرابی ئاو.
من لە هەرێمە بەستەڵەکەکان
دەمێکە چاوەرێم
زووکە ... زووکە
هەناسەکانم پڕبوونە لە ساردی
رۆحم پڕە لە هەڵمی مردنی تیشکەکانی خۆر.
ئەزانم تۆ دێیت
بەڵام زۆر درەنگ
هێندە دەبینی چ شەرێکم کردووە لەگەڵ ساردی

هەناسەکانم چەندە بەقووڵی لەگەڵی ڕسکاون
هێندە دەزانی
بەستەڵەك دایگرتووم
کاتێك لێوی گەرمت دێتە سەر هیوا بەستەڵکەکیەکانم
هێدی هێدی دەمتوێنیتەوە و
وا هەست دەکەیت من هەر لەئەزەلەوە سەراب بوویمە
تۆ فریوت خواردوە و باوەشت بەتەم کردووە
نازانی لە هەرێمە بەستەڵەکەکان هێندە چاوەڕێت بووم
تا ساردی لە رۆحما بڵێسەی سەند.

ماچی تۆ سەر لەنوێ شینم دەکاتەوە
وەك چۆن شینی کردمەوە.
چیرۆکە درێژەکانی گریانم تەواو کرد و
لەبەردەم قەسیدەکانی ماچ کرنۆشم دەبەم،
ئیتر کاتی گوێراگرتنمە بۆ گۆرانییەکانت،
ئیتر کاتی نزا کردنمە لە تۆدا.
نەك بۆ تۆ، بۆ ئەو خوایەی خۆی لە چاوتا حەشارداوە.

دواجار رێگەت دام
لەمانگە شەوێکی پر تریفە،
خۆت خستە باغی ماچم
ماچێك روباری خستە هاژە هاژ و
منیشی لەتۆدا جێهێشت.

هێندە دەزانم
ئەگەر دەستەکانم توند توند نەگری
ئەگەر بۆ فڕین باڵەکانی خودام بۆ نەدزی
دەبمە تێکشکاوترین عاشق،
عاشقێك لە رۆحی سەراب.